# پەیامێك بۆ خەڵكی كوردوستان

جەماوەری خەڵكی كوردوستان

ڕۆشنبیران ، هونەرمەندان ، خوێندكاران ، مامۆستایان ، ژنان ، لاوان ، كرێكاران ، فەرمانبەران ، وەرزشكاران ، ئازادیخوازان ، ئینساندۆستان . ڕۆژ بە ڕۆژ هەلومەرجی سیاسی عێراق و كوردوستان بەرەو ئاڵۆزی زیاتر دەڕوات ,ڕۆژ بە ڕۆژ درۆو چەواشەكاریەكانی ئەمەریكاو هاوكارەكانی بۆ خەڵك ئاشكراتر ئەبێت . دیموكراتیەت و مافی مرۆڤێك كە ئەوان باسیان دەكرد ئاكامەكەی ئەم كوشتارگایەیە كە ڕۆژانە بە چاوی خۆمان دەیبینین ، شەڕ ، بێكاری ، تەقینەوە ، تیرۆر ، نەبوونی ئاو ، كارەبا ، دەرمان ، ئەمنیەت ، كوژرانی زیاتر لە سەدهەزار ئینسانی مەدەنی ، بە حاكم و حكوومەت بوونی مەلاو سەرۆك عەشرەت و سەرانی قەومی . ئەم هەلومەرجەی ئێستا لە عێراق و كوردوستان بە ڕێوەیە بەقەدەر یەك سەرە دەرزی پەیوەندی نیە بە ئاوات و ئارەزوەكانی خەڵكەوە . لەسایەی بوونی ئەمەریكا بە پۆلیسی دنیای دوای جەنگی سارد كۆمەڵێك سەرمایەدار و عەمامە بەسەرو كۆنەبەعسی بوونە كار ئەكتەری ئەم دۆزەخەی كە ئێستا بۆ خەڵك سازدراوە ، دابەش كردنی خەڵكی مەدەنی بەسەر قەبیلە و قەوم و مەزهەبدا لەلایەن ئەمەریكاو شاگردەكانی هیچ نیە بێجگە زەمینە خۆشكردن بۆ شەڕو قەتڵ و عامێك كە ئێستا خەریكە قۆناغێكی ترسناك و تاریكی تازەی دەست پێدەكات . ئەمەریكاو دۆستەكانی قۆناغ بە قۆناغ لە مەجلیسی حوكمەوە بۆ حكومەتی كاتی و هەڵبژاردن و حكومەتی قۆپیێ كردن لە یەكتری و پەرلەمان ، شكست و نائومێدی بەرهەم دەهێنن و ناتوانن وەڵام بە سەرەتایترین پێداوویستی و داواكاریەكانی خەڵكی عێراق و كوردوستان بدەنەوە .

خەڵكی كوردوستان

ئەم چەند ڕۆژە بۆنی خوێن و ئینسان كوژی تەواوی شەقام و كۆڵانەكانی گرتۆتەوە ، شیعەی سیاسی و سونەی سیاسی خەریكن ئاگری شەڕێكی تەواو دژی ئینسانی و كۆنەپەرستانەی گەورە بە ڕەسمی ڕادەگەیەنن ، ئەحزابی قەومی كورد تەواو زەبوونن و تەنها سەرۆك بوون و وەزیر بوون بۆ ئەوان كافیە و ڕووبەڕوون لە گەڵ بنبەستێكی خنكێنەر و بێ ئەنجام ، مانەوەی خەڵكی كوردوستان لەم چوارچێوەیەو لەم هاوكێشەیەدا بە دڵنیایەوە دەبنە بەشێك لەو شەڕەی كە هیچ پەیوەندیەكی بە ئاوات و ئارەزوە ئینسانیەكانی ئەوانەوە نیە . ئەحزابی قەومی كورد بۆ دابەش كردن و شەریك بوون لە دەسەڵات لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە خەڵكی كوردوستانیان بردەوە ژێر دەستی حەكیم و جەعفەری و وەفیق و حارس زاری ، هەر لەوێشەوە ئەیانەوێت خەڵكی كوردوستان بكەنە جەمسەرێكی شەڕی قەومی و مەزهەبی كە زەویەكەی بە باشی بۆ كێڵراوە . خەڵكی كوردوستان بۆ ئەوەی لەم ئاگرە بەدوور بێت ، بۆ ئەوەی بەر بە شەڕی قەمی و مەزهەبی بگرن ، بۆ ئەوەی پلە دووی و ستەمی میللی نەبێتە مۆری نێوچەوانیان ، بۆ ئەوەی صەدر و تاقمەكەی نەبنە داوەریان . جیابوونەوەی كوردوستان و پێكهێنانی دەوڵەتێكی غەیرە قەومی و غەیرە مەزهەبی تەنها ڕێگاچارەی ئینسانی و سیاسیە . سەرەڕای ئەوەی من كوژرانی هەر منداڵێك یان هەر ئینسانێك لە ناوەڕاست و خواروی عێراق بە تاوان ئەزانم و ئەبێت كۆتای پێ بێت و خەباتی بۆ دەكەم ، هەمان كات بانگەوازی خەڵكی كوردوستان ئەكەم بۆ پێكهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بێنە مەیدان و ئیرادەی ڕاستەقینەی خۆیان پیشان بدەن .

بژی ئیرادەی ڕاستەقینەی خەڵكی كوردوستان

بژی خەڵكی كوردوستان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ

هیدایەت مەلا عەلی

hidayat_malaali@yahoo.com

2005/5/22